# ( دوعا )لەهەمووئەو کەسانە پاکتربوو
# کە بلۆکیان کیشا بە سەر و جەستە پاکەکەیدا

## چیا هاوار



وێنە تراژیداکەی کوشتنی (دوعا)ی حەڤدەساڵانم بینی تا بینینی ئەودیمەنە دڕندانەیە هەرگیز نەمدەزانی لەنێو نەتەوە ستەملێکراوەکەمدا کەسانێك هەن بەو ئەندازەیە دڕندە بن هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە ڕۆژێك دیمەنێکی ئاوا ببینم بەڵێ دیمەنەکان ئەوەندە ترسناك و وەحشەتگەر بوون تا چەند ڕۆژێك خواردن و خەوم لێتۆرا، ئاخر هەی دڕندەکانی هەزارەی سێیەم هەی لە تیرۆرست ڤێزەونتر و هەی لە هەموو ناشیرینەکان ناشیرینتر ئەو کیژۆڵە بێ تاوانەتان بۆ والێکرد بۆ ژیانتان لێسەندەوە بەم شێوەیە ئەم ڕەفتارەتان لەکام کتێبی ئاسمانی خوێندۆتەوە لە کلتوری کام نەتەوە وەرتان گرتوە لەکام یاسا خوێندوتانە خۆ نەتەوەکەتان هەڵگری ئەم کردەوە نامرۆڤانەیە نیە ئێ بۆ دوعا بەم شێوەیە دەکوژن و دەتانەوێ ویژدانی مرۆڤایەتیشی پێ تیرۆر بکەن، دوعاتان لە دونیا تۆراند و بزەش لەسەر لێوانی ئێمە دوعاتان بەردباران و بلۆك باران و شەق باران و تف باران کرد ئێمەشتان شەرمەزار و سەر شۆڕ و بێ بەهاکرد ئێوە لەژێرناوی (شەرفپارێزی) دوعاتان کوشت ئەی ئێمە لەژێر چ ناوێك تف بارانتان کەین بلۆك بارانتان کەین شەق باران تان کەین سەرشۆڕ و شەرمەزارتان کەین کە بوون، ئێستا نەتەوەی کورد بە ئێوەی بکوژی دوعا دەڵێت: ئێوە مرۆڤ نین ئێوە تەنها ئاژەڵی دڕندەن و نێچیرێکی بێدەسەڵاتتان لەت و پەت کردوە پێتان دەڵێن ئێوە مرۆڤ نین ئێوە وەحش و ئێوە بێ بەها و ئێوی شەرمەزار و ئێوە هەموو شتێکی ناشرین و ڤێزەونی ئەم جیهانەن ئێوە شەمشەمەکوێرە و ئێوە دەتانەوێ بزەی سەر لێوانمان بتۆرێنن ئێوە دەتانەوێ مێژوی پرشنگداری نەتەوەکەتان لەکەدار و پڕتاوان کەن.

لێرەشەوە بە حکومەتی هەرێم دەڵێم کوا وەزارەتی مافی مرۆڤ کوا وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی کوا وەزارەتی ئەوقاف کوا وەزارەتی یـــــــاســـــــا کوا پەرلەمان و کوا کوا سەرۆکایەتی حکومەت و هەرێم لەکوێ خەوتون بۆ لەئاست ئەم تاوانە نامرۆڤانە تەنها قسەتان هەیە، ئەی هــــــــــاوار گەلۆ پەنا بۆ کوێ بەرین وەك کورد وتویەتی (تف بۆ سەرەوە بەر دەموچاوی خۆت دەکەوێت )ئەی سکالای ئەو تاوانە بۆ نەگەیەنینە ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکانی دونیا ئەوەتا حکومەت تەنها قسەی زل دەکات و هیچی تر ئەگینا چاوەڕوانی چی دەکات بۆ دڕندەکانی ئەم تاوانە مرۆڤایەتیە ناهێنێتە بەردەمی یاسا و بە سزایان ناگەیەنێت لەکێ سڵ ئەکەنەوە؟ بۆ پێیان ناڵێن ئەم وڵاتە جێی ئێوە و ژنکوژ و ویژدان کوژ و نامرۆڤانەی وەکو ئێوە نیە بۆ پێیان ناڵێن ئێوە دەبێ بە هۆیهاو ڕسوایی لەم وڵاتە بچنەدەرەوە، ئەی دەسەڵات دارانی وڵاتی ژنکوژ بە ژنکوژەکان بڵێن ئێرە وڵاتی لێبوردنە ئێرە وڵاتێکە لێوان لێوە لە خۆشەویستی و ئێرە هەمیشە جێژوانی عاشقانی وەك مەم و زین و وەلی و شەم و حەبیبەکەی نالی بوە ئێرە جێی هەست کوژ و نامرۆڤی وەك ئێوەی دوعا کوژ نیە پێشیان بڵێن حکومەتی کوردستان هیی هەموو کوردێکە بۆیە بەنوێنەرایەتی خەڵکی کورد پێتان دەڵێین دوعا لە هەموو بەرد هاوێژێك و بلۆك هاوێژێك و شەق و تف هاوێژێکی وەك ئێوە پاکتر بوو بەڵام بەکوردستان سوێندتان دەدەم بیرتان نەچێ ئێمەی کوردچاوەڕوانین.

**سلێمانی**